# کلیلی هەڵبژاردنەکان

## پێگەی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا

## ١٩٩٢ ـ ٢٠٢٥

دامەزراوەی میدیایی درەو

چاپی سێیەم

٢٠٢٦

ناوی کتێب: کلیلی هەڵبژاردن

نوسەر: دامەزراوەی میدیایی درەو

بابەت: لێکۆڵینەوە

نەخشەسازی بەرگ: دڵشاد شەهاب

نۆرەی چاپ: چاپی سێیەم ٢٠٢٦

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٩٦٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە

## دامەزراوەی میدیایی درەو

دامەزراوەیەکی میدیایی ئەهلی ئازادە، پێکدێت لە سایتی درەو، بەشی سازدانی دیبەیت، بەشی ئامارو راپرسی، هاوکات ریکلام و راوێژکاری بواری هەڵبژاردن، ئەم دامەزراوەیە هەوڵێکە بۆ مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی و راگەیاندنی ئەهلیی و ئازاد.

ئامانجەکانی دامەزراوەکە؛

1. بەرجەستەکردنی مۆدیلێکی نوێی کاری میدیایی ئەهلییو سەربەخۆو ئازاد.
2. بەرەوپێشبردنی بنەماکانی دیموکراسییەت بە مەبەستی پێشکەشکردنی کاری رۆژنامەوانی بابەتیانەو سەربەخۆو پیشەیی، لە پێناو دروستکردنی گوتاری عەقلانیی و دۆزینەوەی رایەڵەی هاوبەشیکردنی کار بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیانی ئاینیی و سیاسیی و کۆمەلایەتی.
3. چاودێریکردنی پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانیی وەک ئەرکێکی بنەمایی دەسەڵاتی میدیا.

# پێڕست

پێشەکی ........................................................................................ 7

دەروازە........................................................................................ 9

تەوەری یەکەم

دەنگ و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا ............... 11

تەوەری دووەم

دەنگ و پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا............... 27

تەوەری سێیەم

دەنگ و پێگەی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا ........................... 45

تەوەری چوارەم

دەنگ و پێگەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا........... 57

تەوەری پێنجەم

دەنگ و پێگەی کۆمەڵی دادگەریی "ئیسلامی" کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا . 75

تەوەری شەشەم

دەنگ و پێگەی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا 93

تەوەری حەوتەم

دەنگ و پێگەی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا.................. 108

تەوەری هەشتەم

ئەزمونی حزبی شیوعی لە هەڵبژاردنە گشتییەکدا.......................................... 117

تەوەری نۆیەم

سەرهەڵدانی هێزی نوێ و دەنگ و پێگەیان لەدوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق........................................................... 119

تەوەری دەیەم

کۆتای پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان................................................... 127

**تەوەری یازدەیەم**

**ژمارەو رێژەی بایکۆت لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا**..........................................133

**تەوەری دوازدەیەم**

**ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان (گرافیک)**.................153

**پاشکۆکان**..................................................................................162

**سەرچاوەکان**..............................................................................200

## پێشەکی

هەڵبژاردن وەک شاڕێی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەو مەدەنیانەی دەسەڵات، میکانیزمێکی بێ ڕکابەرە بۆ گۆڕانکاری لە جومگە و دامەزاوە سیاسی و حکومڕانییەکانی هەر وڵاتێک، هێشتا نەتوانراوە ڕێگەیەکی دیکەی باشتر لە هەڵبژاردن پەی پێ ببرێت بۆ ئەو مەبەستە. هەر بۆیە زۆرجار سیستمە نادیموکراتەکان یان دیکتاتۆرەکان بۆ شەرعییەت دان بە بەردەوامبوونی دەسەڵاتیان، ئەگەر بەشێوەیەکی کارتۆنیش بێت پەنا بۆ ئەنجامدانی دەبەن، ئەمەش بایەخی زیاتری هەڵبژاردن بەدیار دەخات.

لە دوای دروستبوون و شکڵ گرتنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان جگە لە (هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، هەڵبژاردنی  شارەوانییەکان و ریفراندۆمی دەستوری عێراق و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان). سیازدە هەڵبژاردنی گشتی بۆ (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) بەڕێوەچووە، کە شەشیان بۆ پەرلەمانی کوردستان و پێجیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و دوانیشیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بووە.

لەم بەرهەمەدا بە دوانزە تەوەری جیاواز، ئەزمونی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە روی پێگەو دەنگیان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا روندەکەینەوە، کە چۆن ئاستی بەرزی و نزمی لە ژمارەی دەنگەکانیان لەو هەڵبژاردنانەدا پێگەو نەخشەی هێزی گۆڕیون، بەڵام بەشێکیان بە هەمان هێزی خۆیان و بگرە زیاتریش لە نێو دەسەڵات و مەیدانەکەدا بەردەوامن، ئەم راستییەش دەرخەری ئەوەیە کە بەشێک لەو پارتانە تەنها هێز و ئیلهامی خۆیان لە هەڵبژاردنەوە وەرناگرن!
پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدرێت لە چاپی سێیەمی ئەم بەرهەمەدا، داتاکانی دوا هەڵبژاردن (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025/11/11) بۆ کتێبەکە زیاد کراوە.

## دەروازە

لە دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ەوە لە باشوری عێراق (هەرێمی کوردستان) و پاشان کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی ئەو کاتی عێراق لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، بۆ سەرپێکەوتنی حکومڕانی کوردی و پێکهێنانی دام و دەزگاو دەسەڵاتەکانی (یاسادان، جێبەجێکردن و دادوەری) لە هەرێمی کوردستان، لەوکات بەدواوەو لە ماوەی (35) ساڵی ڕابردوودا، تەنها شەش خولی هەرڵبژاردن بۆ دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان) بەڕێوەچووە، بەجۆرێک؛ خولی یەکەم لە (1992/5/19)، خولی دووەم لە (2005/1/30)، خولی سێیەم لە (2009/7/25)، خولی چوارەم لە (2013/9/21)، خولی پێجەم لە (2018/9/30) و خولی شەشەم لە (2024/10/20) بەڕێوەچووە. لە خشتەی ژمارە (1)دا ژمارەی ئەوانەی مافی بەشدارییان هەبووەو بڕی گەشەکردنیان، هاوکات ژمارەو ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتیان لەو هەڵبژاردنانە رونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان (1992 – 2024)

| خولی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی بەدەستهاتووی مافی بەشداری | ژمارەی بەشداری | ڕێژەی بەشداری | ژمارەی بایکۆت | ڕێژەی بایکۆت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم | 19/05/1992 | 1,112,000 | 971,953 | 87.4% | 140,047 | 12.6% |
| خولی دووەم | 30/01/2005 | 2,290,736 | 1,753,919 | 76.6% | 536,817 | 23.4% |
| خولی سێیەم | 25/07/2009 | 2,518,773 | 1,876,196 | 74.5% | 642,577 | 25.5% |
| خولی چوارەم | 21/09/2013 | 2,653,743 | 1,978,382 | 74.6% | 675,361 | 25.4% |
| خولی پێنجەم | 30/09/2018 | 3,085,461 | 1,845,979 | 59.8% | 1,239,482 | 40.2% |
| خولی شەشەم | 20/10/2024 | *2,899,578 | 2,085,949 | 72.0% | 813,629 | 28.1% |

* ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان ساڵی (2024) بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان (3 ملیۆن و 789 هەزار و 360) کەس تەمەنی (18) ساڵییان تێپەڕاندبوو، بە پێی یاسا مافی بەشداریی لە هەڵبژاردن بەدەست دەهێنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرجەمیان کارتی بایۆمەترییان نوێ نەکردبوویەوە، تەنها ئەوانە ئەو مافەیان دەستەبەرکرد کە کارتە نوێیەکەیان وەرگرتبوویەوە، ژمارەیان (2 ملیۆن و 899 هەزار و 578) کەس بووە.

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە ساڵی (2003) و پاش تێپەڕبوونی (22) ساڵ، شەش خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچووە، بە جۆرێک؛ خولی یەکەم لە (2005/1/30)، خولی دووەم لە (2010/3/7)، خولی سێیەم لە (2014/4/30)، خولی چوارەم لە (2018/5/12)، خولی پێجەم لە (2021/10/10) و خولی شەشەم لە (2025/11/11) بەڕێوەچووە. لە خشتەی ژمارە (2)دا ژمارەی ئەوانەی مافی بەشدارییان هەبووەو بڕی گەشەکردنیان، هاوکات ژمارەو ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتیان لەو هەڵبژاردنانە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (2)**

هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (2005 – 2025)

| خولی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی بەدەستهاتووی مافی بەشداری | ژمارەی بەشداری | ڕێژەی بەشداری | ژمارەی بایکۆت | ڕێژەی بایکۆت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم | 30/01/2005 | 2,290,736 | 2,176,000 | 95.0% | 114,736 | 5.0% |
| خولی دووەم | 07/03/2010 | 2,590,274 | 1,938,754 | 74.8% | 651,520 | 25.2% |
| خولی سێیەم | 30/04/2014 | 2,717,082 | 2,128,167 | 78.3% | 588,915 | 21.7% |
| خولی چوارەم | 12/05/2018 | 3,758,896 | 1,799,686 | 47.9% | 1,959,210 | 52.1% |
| خولی پێنجەم | 10/10/2021 | 3,450,773 | 1,233,451 | 35.7% | 2,217,322 | 64.3% |
| خولی شەشەم | 11/11/2025 | 3,147,851** | 2,168,116 | 68.9% | 979,735 | 31.1% |

** ئەگەرچی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2025) بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (3 ملیۆن و 883 هەزار و 501) کەس تەمەنی (18) ساڵییان تێپەڕاندبوو، بە پێی یاسا مافی بەشداریی لە هەڵبژاردن بەدەست دەهێنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرجەمیان کارتی بایۆمەترییان نوێ نەکردبوویەوە، تەنها ئەوانە ئەو مافەیان دەستەبەرکرد، کە کارتە نوێیەکەیان وەرگرتبوویەوە، ژمارەیان (3 ملیۆن و 147 هەزار و 851) کەس بووە.

# تەوەری یەکەم

## دەنگ و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا

- لە دوای ساڵی (1992)ەوە لە هەرێمی کوردستان (14) هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەچووەو پارتی بەشداری سەرجەمیانی کردووە.
- پارتی (3) جار بە شێوەی هاوپەیمانی و (11) جار بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کردووە.
- لە ساڵی (1992) (ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو پارتی (443 هەزار و 879) دەنگی بە ڕێژەی (40%) بەدەستهێناوە.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (2024) (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، پارتی (812 هەزارو 794) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (28%) کۆی گشتی دەنگدەران لە چوار پارێزگاکەی هەرێم.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (2025) لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، پارتی (852 هەزارو 448) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (27.1%) کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

## پوختە

لە ساڵی (1992)ەوە (14) هەڵبژاردنی گشتی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، بەڕێوە چووە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان بەشداری کردووە، کە لە (11) هەڵبژاردنیان بە لیستی سەربەخۆ و (3) هەڵبژاردنیان بەشێوەی هاوپەیمانی چووتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە پارێزگاکانی هەرێم مافی دەنگدانیان هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان نەیتوانیوە بە هەمان ئاست ژمارەی دەنگەکانی بەرز بکاتەوە، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە (1992/5/19) بەڕێوەچوو (ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس

مافی دەنگدانی هەبووە، پارتی دیموکراتی کوردستان (443 هەزارو 879) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (40%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەڵام لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2024/10/20) بە ڕێوەچوو، لەسەر ئاستی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، کە (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی (812 هەزارو 794) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی (28%) کۆی گشتی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە.

بەم پێیەش ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان لە یەکەم هەڵبژاردنەوە تا دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە ڕێژەی (161%) زیادی کردووە، بەڵام زیادکردنی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (83%) بووە.

هەروەها لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (2025/11/11) لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، پارتی (852 هەزارو 448) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (27.1%) کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

بەم پێیەش ژمارەی ئەوانەی مافی بەشداریکرانیان لە دەنگداندا بەدەستهێناوە لە هەرێمی کوردستان لە یەکەم هەڵبژاردنەوە تا دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕێژەی (183%) زیادی کردووە، بەڵام زیادکردنی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (92%) بووە.

(بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (1))، کە پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە سەرجەم هەڵبژاردنە گشتییەکان ڕوونکردوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لەسەر ئاستی هەرێم

| ز | خولەکانی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی دەنگەکانی پارتی | ژمارەی گشتی دەنگدەران | ڕێژەی دەنگەکانی پارتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان | 19/05/1992 | 443,879 | 1,112,000 | 40% |
| 2 | خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/01/2005 | لیستی هاوبەش | 2,290,736 | لیستی هاوبەش |
| 3 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/01/2005 | 741,879 | 2,290,736 | 32% |
| 4 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/01/2005 | لیستی هاوبەش | 2,290,736 | لیستی هاوبەش |
| 5 | خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان | 25/07/2009 | لیستی هاوبەش | 2,518,773 | لیستی هاوبەش |
| 6 | خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 07/03/2010 | 670,965 | 2,590,274 | 26% |
| 7 | خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان | 21/09/2013 | 743,984 | 2,653,743 | 28% |
| 8 | خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/04/2014 | 753,014 | 2,717,082 | 28% |
| 9 | خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/04/2014 | 816,654 | 2,717,082 | 30% |
| 10 | خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 12/05/2018 | 724,727 | 3,758,896 | 19% |
| 11 | خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/09/2018 | 688,070 | 3,085,461 | 22% |
| 12 | خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 10/10/2021 | 579,243 | 3,450,773 | 17% |
| 13 | خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان | 20/10/2024 | 812,794 | 2,899,578 | 28% |
| 14 | خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 11/11/2025 | 3,147,851 | 852,448 | 27% |

## چارتی ژمارە (1)

### ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان
### لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لەسەر ئاستی هەرێم




**تێبینی**؛ لە خولی دووەم و سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پارتی لەگەڵ لایەنی دیکە لە هاوپەیمانیدابووە، بۆیە ژمارەو ڕێژەی دەنگەکانی ئاماژەی پێ نەدراوە.

## یەکەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

1. خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، لە 1992/5/19 بەڕێوەچوو.
2. ( ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (971 هەزارو 593) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (87%).
4. پارتی دیموکراتی کوردستان (443 هەزارو 879) دەنگی بەدەستهێنا.
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (92 هەزارو 449) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (26.6%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر؛ (152 هەزارو 143) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی ( 46%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک؛ (168 هەزارو 983) دەنگ بوو بەرێژەی (85.5%).
   - دەنگی پارتی لە سنوری کەرکوک؛ (24 هەزارو 604) دەنگ بوو بەرێژەی (28%).

**چارتی ژمارە (2)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان 19-5-1992



## دووەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان

1. خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2005/1/30 بەرێوەچوو.
2. ( 2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 753 هەزارو 919) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (76.6%).
4. سەرجەم حزبەکان جگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی) لەچوارچێوەی لیستی (نیشتمانی دیموکراتی کوردستان) بەشدار بوون کە (ملیۆنێک و 570 هەزارو 663) دەنگیان بەدەستهێناو (104) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## سێیەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 767 هەزارو 993) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (77.2%).
4. پارتی دیموکراتی کوردستان (741 هەزارو 879) دەنگی بەدەستهێنا، بە جۆرێک؛

- دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (91 هەزارو 578) دەنگ بوو بەرێژەی (12.4%).
- دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر؛ (347 هەزارو 772) دەنگ بوو بەرێژەی (53.7%)
- دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک؛ (302 هەزارو 133) دەنگ بوو بەرێژەی (78.8%).

**چارتی ژمارە (3)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 30–1–2005



## چوارەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2005/1/30 بەرێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. سەرجەم حزبەکان جگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی) لەچوارچێوەی لیستی (هاوپەیمانی کوردستان) بەشدار بوون کە (2 ملیۆن و 175 هەزارو 551) دەنگیان بەدەستهێنا و (75) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## پێنجەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2009/7/25 بەرێوەچوو.
2. ( 2 ملیۆن و 518 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 876 هەزارو 196) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.5%).
4. پارتی و یەکێتی لە چوارچێوەی لێستێکدا بەناوی (لیستی کوردستانی) بەشدارییان کردوو (ملیۆنێک و 76 هەزارو 370) دەنگیان بەدەستهێناو (59) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## شەشەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2010/3/7 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 590 هەزارو 274) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 938 هەزارو 754) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.8%).
4. پارتی دیموکراتی کوردستان (670 هەزارو 965) دەنگی بەدەستهێنا، بە جۆرێک؛
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی (82 هەزارو 121) دەنگ بوو بەرێژەی (10%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر (306 هەزارو 775) دەنگ بوو بەرێژەی (45%).

- دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک (283 هەزارو 69) دەنگ بوو بەرێژەی (%66.6).




## حەوتەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 653 هەزارو 743) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 978 هەزارو 382) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (%74.6).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. پارتی دیموکراتی کوردستان (743 هەزارو 984) دەنگی بەدەستهێناو (38) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد.

## هەشتەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. ( 2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 128 هەزارو 167 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (78%).
4. پارتی دیموکراتی کوردستان (753 هەزارو 14) دەنگی بەدەستهێنا، بە جۆرێک؛
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (93 هەزارو 410) دەنگ بوو بەرێژەی (10%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر؛ (354 هەزارو 735) دەنگ بوو بەرێژەی (48%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک؛ (340 هەزارو 977) دەنگ بوو بەرێژەی (62%).

**چارتی ژمارە (5)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



## نۆیەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 161 هەزارو 38 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (80%).
4. پارتی دیموکراتی کوردستان (816 هەزارو 654)دەنگی بەدەستهێنا ، بە جۆرێک؛
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (86 هەزارو 655) دەنگ بوو بەرێژەی (10%)
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر؛ (372 هەزارو 607) دەنگ بوو بەرێژەی (49%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک؛ (357 هەزارو 392) دەنگ بوو بەرێژەی (71%)

**چارتی ژمارە (6)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 30–4–2014



## دەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2018/5/12 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 758 هەزارو 896) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 799 هەزارو 686 ) کەس دەنگیاندا.
4. پارتی دیموکراتی کوردستان (724 هەزارو 727) دەنگی بەدەستهێنا. بەجۆرێک
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (48 هەزارو 706) دەنگ بوو بەرێژەی (7.3%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر؛ (321 هەزارو 920) دەنگ بوو بەرێژەی (50%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک؛ (354 هەزارو 102) دەنگ بوو بەرێژەی (72.4%)

**چارتی ژمارە (7)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



## یانزەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 85 هەزارو 461) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (1 ملیۆن و 845 هەزارو 979 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (60%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەرێوە چوو.
5. پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکەی هەرێم (688 هەزارو 70) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (%37).

## دوانزەیەم؛ هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم)

1. هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم) لە 2021/10/10 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 450 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (1 ملیۆن و 233 هەزارو 451 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (35.7%).
4. پارتی دیموکراتی کوردستان (579 هەزارو 243) دەنگی بەدەستهێنا، بەجۆرێک؛
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (54 هەزارو 891) دەنگ بوو بەرێژەی (14%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر؛ (262 هەزارو 800) دەنگ بوو بەرێژەی (59.2%).
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک؛ (261 هەزارو 543) دەنگ بوو بەرێژەی (66%).




## سیانزدەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 بەڕێوەچووە.
2. (3 ملیۆن و 789 هەزارو 360) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 85 هەزارو 949 ) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (72%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە چوار بازنەیی بەڕێوە چوو.
5. پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی چوار (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (812 هەزارو 794) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (28%)، بەجۆرێک؛
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (57 هەزارو 916) دەنگ بوو بەڕێژەی (8%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (715 هەزار و 871) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 87 هەزار و 73) کەس.

- دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر؛ (347 هەزارو 786) دەنگ بوو بەرێژەی (46%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (763 هەزار و 19) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 22 هەزار و 906) کەس.
- دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک؛ (402 هەزارو 157) دەنگ بوو بەرێژەی (71%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (565 هەزار و 388) دەنگ بوو لە کۆی (729 هەزار و 347) کەس.
- دەنگی پارتی لە پارێزگای هەڵەبجە؛ (4 هەزارو 940) دەنگ بوو بەرێژەی (12%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (41 هەزار و 671) دەنگ بوو لە کۆی (60 هەزار و 252) کەس.

**چارتی ژمارە (9)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان
لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان




## چواردەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025/11/11 بەڕێوەچوو.

2. (3 ملیۆن و 883 هەزارو 501) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 168 هەزارو 116) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (68.9%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە سێ بازنەیی بەرێوە چوو.
5. پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی سێ (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (852 هەزارو 448) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (27.1%)، بەجۆرێک؛
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای هەولێر؛ (369 هەزارو 724) دەنگ بوو بەرێژەی (33.2%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 115 هەزار و 122) کەس بووە.
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (68 هەزارو 834) دەنگ بوو بەرێژەی (5.6%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 227 هەزار و 460) کەس بووە.
   - دەنگی پارتی لە پارێزگای دهۆک؛ (413 هەزارو 890) دەنگ بوو بەرێژەی (51.4%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (805 هەزار و 269) کەس بووە.

**چارتی ژمارە (10)**

ژمارەو رێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان
لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
11/11/2025



# تەوەری دووەم

## دەنگ و پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا

- لە دوای ساڵی (1992)ەوە لە هەرێمی کوردستان (14) هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەچووەو یەکێتی بەشداری سەرجەمیانی کردووە.
- یەکێتی (3) جار بە شێوەی هاوپەیمانی و (13) جار بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کردووە.
- لە ساڵی (1992) (ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو یەکێتی (423 هەزار و 833) دەنگی بە ڕێژەی (38%) کۆی گشتی دەنگدەرانی بەدەستهێناوە.
- لە دوا هەڵبژاردندا بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، یەکێتی (409 هەزارو 548) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (14%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە چوار پارێزگاکەی هەرێم.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (2025) لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، یەکێتی (340 هەزارو 980) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (10.8%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

### پوختە

لە ساڵی (1992)ەوە (14) هەڵبژاردنی گشتی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، بەڕێوەچووە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان بەشداری کردووە، کە لە (11) هەڵبژاردنیان بە لیستی سەربەخۆ و (3) هەڵبژاردنیان بەشێوەی هاوپەیمانی چووەتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە سێ یان چوار پارێزگاکەی هەرێم مافی دەنگدانیان هەیە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەک نەیتوانیوە بە هەمان ئاست ژمارەی دەنگەکانی بەرز بکاتەوە، بەڵکو بە شێوەکی ڕێژەیی دەنگەکانی دابەزیوە، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە (1992/5/19) بەڕێوەچوو (ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان (423 هەزارو 833) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (38%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەڵام لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2024/10/20) بە ڕێوەچوو، لەسەر ئاستی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان توانیویەتی تەنها (409 هەزارو 548) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی (14%)ی کۆی گشتی دەنگدەران.

هەروەها لە دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (2025/11/11) بە ڕێوەچوو، لەسەر ئاستی سێ بازنەی هەڵبژاردن (هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) لە هەرێمی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان توانیویەتی تەنها (340 هەزارو 980) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی (10.8%)ی کۆی گشتی دەنگدەران.

بەم پێیەش ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان لە یەکەم هەڵبژاردنەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بە ڕێژەی (183%) زیادی کردووە، بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان (82 هەزار و 853) دەنگی بەڕێژەی (19.5%)ی دەنگەکانی کەمی کردووە، (بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (1))، لە خوارەوە پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنە گشتییەکان ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکان لەسەر ئاستی هەرێم

| ز | خولەکانی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی دەنگەکانی یەکێتی | ژمارەی گشتی دەنگدەران | ڕێژەی دەنگەکانی یەکێتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان | 19/05/1992 | 423,833 | 1,112,000 | 38% |
| 2 | خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/01/2005 | لیستی هاوبەش | 2,290,736 | لیستی هاوبەش |
| 3 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/01/2005 | 765,544 | 2,290,736 | 33% |
| 4 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/01/2005 | لیستی هاوبەش | 2,290,736 | لیستی هاوبەش |
| 5 | خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان | 25/07/2009 | لیستی هاوبەش | 2,518,773 | لیستی هاوبەش |
| 6 | خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 07/03/2010 | 396,237 | 2,590,274 | 15% |
| 7 | خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان | 21/09/2013 | 350,500 | 2,653,743 | 13% |
| 8 | خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/04/2014 | 500,410 | 2,717,082 | 18% |
| 9 | خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/04/2014 | 528,122 | 2,717,082 | 19% |
| 10 | خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 12/05/2018 | 364,638 | 3,758,896 | 10% |
| 11 | خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/09/2018 | 319,912 | 3,085,461 | 10% |
| 12 | خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 10/10/2021 | 215,316 | 3,450,773 | 6% |
| 13 | خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان | 20/10/2024 | 409,548 | 2,899,578 | 14% |
| 14 | خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 11/11/2025 | 340,980 | 3,147,851 | 11% |




تێبینی؛ لە خولی دووەم و سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یەکێتی لەگەڵ لایەنی دیکە لە هاوپەیمانیدابووە، بۆیە ژمارەو ڕێژەی دەنگەکانی ئاماژەی پێ نەدراوە.

## یەکەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

1. خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان لە 1992/5/19 بەڕێوەچوو.
2. (ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (971 هەزارو 593) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (87%).
4. یەکێتی نیشتمانی کوردستان و زەحمەتکێشان لە لیستێکدا بەشداریان کردوو (423 هەزارو 833) دەنگیان بەدەستهێنا.

- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (207 هەزارو 168) دەنگ بوو بەرێژەی (%59.9).
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر؛ (148 هەزارو 352) دەنگ بوو بەرێژەی (44.4%).
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک؛ (15 هەزارو 148) دەنگ بوو بەرێژەی (7.7%).
- دەنگی یەکێتی لە سنوری کەرکوک؛ (53 هەزارو 129) دەنگ بوو بەرێژەی (60.3%).

**چارتی ژمارە (2)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان



## دووەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان

1. خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 753 هەزارو 919) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (76.6%).
4. سەرجەم حزبەکان جگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی) لەچوارچێوەی لیستی (نیشتمانی دیموکراتی کوردستان) بەشدار بوون، کە (ملیۆنێک و 570 هەزارو 663) دەنگیان بەدەستهێناو (104) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## سێیەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 767 هەزارو 993) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (77.2%).
4. یەکێتی نیشتمانی کوردستان (765 هەزارو 544) دەنگی بەدەستهێنا، بە جۆرێک؛

- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (485 هەزارو 718) دەنگ بوو بەرێژەی (65.9%).
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر؛ (244 هەزارو 343) دەنگ بوو بەرێژەی (37.7%).
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک؛ (35 هەزارو 483) دەنگ بەرێژەی (%9.3).

**چارتی ژمارە (3)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 30-1-2005



## چوارەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. سەرجەم حزبەکان جگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی) لەچوارچێوەی لیستی (هاوپەیمانی کوردستان) بەشدار بوون کە (2 ملیۆن و 175 هەزارو 551) دەنگیان بەدەستهێنا و (75) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## پێنجەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2009/7/25 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 518 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 876 هەزارو 196) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.5%).
4. یەکێتی و پارتی لە چوارچێوەی لیستێکدا بەناوی (لیستی کوردستانی) بەشدارییان کردوو (ملیۆنێک و 76 هەزارو 370) دەنگیان بەدەستهێناو (59) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## شەشەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2010/3/7 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 590 هەزارو 274) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 938 هەزارو 754 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.8%).
4. یەکێتی نیشتمانی کوردستان (396 هەزارو 237) دەنگی بەدەستهێنا، بە جۆرێک؛

- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (237 هەزارو 379) دەنگ بوو بەرێژەی (28.47%).
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر؛ (124 هەزارو 632) دەنگ بوو بەرێژەی (18.3%).
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک؛ (34 هەزارو 226) دەنگ بوو بەرێژەی (8.06%).

**چارتی ژمارە (4)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



## حەوتەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 653 هەزارو 743) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 978 هەزارو 382) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.6%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. یەکێتی نیشتمانی کوردستان (350 هەزارو 500) دەنگی بەدەستهێناو (18) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد.

## هەشتەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 128 هەزارو 167 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (78%).
4. یەکێتی نیشتمانی کوردستان (500 هەزارو 410) دەنگی بەدەستهێنا، بە جۆرێک؛
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (294 هەزارو 265) دەنگ بوو بەرێژەی (33%).
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر؛ (168 هەزارو 688) دەنگ بوو بەرێژەی (23%).
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک؛ (37 هەزارو 457) دەنگ بوو بەرێژەی (7%).

**چارتی ژمارە (5)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



## نۆیەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 161 هەزارو 38 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (80%).
4. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (528 هەزارو 122)دەنگی بەدەستهێنا ، بە جۆرێک؛
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (318 هەزارو 723) دەنگ بوو بەرێژەی (35.2%).
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر؛ (168 هەزارو 603) دەنگ بوو بەرێژەی (22%).
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک؛ (40 هەزارو 796) دەنگ بوو بەرێژەی (8.1%).

چارتی ژمارە (6)
ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 2014-4-30



## دەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2018/5/12 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 758 هەزارو 896) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 799 هەزارو 686 ) کەس دەنگیاندا.
4. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (364 هەزارو 638) دەنگی بەدەستهێنا. بەجۆرێک؛
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (259 هەزارو 378) دەنگ بووە.
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر؛ (79 هەزارو 745) دەنگ بووە.
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک؛ (25 هەزارو 215) دەنگ بووە.

**چارتی ژمارە (7)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



## یانزەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 85 هەزارو 461) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (1 ملیۆن و 845 هەزارو 979 ) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (60%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکەی هەرێم (319 هەزارو 912) دەنگی بەدەستهێنا و (18) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد.

## دوانزەیەم؛ هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم)

1. هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم) لە 2021/10/10 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 450 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (1 ملیۆن و 233 هەزارو 451) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (35.7%).
4. یەکێتی نیشتمانی کوردستان (215 هەزارو 316) دەنگی بەدەستهێنا، بەجۆرێک؛

- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی (124 هەزارو 414) دەنگ بوو بەڕێژەی (31.6%).
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر (65 هەزارو 862) دەنگ بوو بەڕێژەی (14.8%).
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک (25 هەزارو 40) دەنگ بوو بەڕێژەی (%6.3).

**چارتی ژمارە (8)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




## سیازدەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 789 هەزارو 360) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 85 هەزارو 949 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (72%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە چوار بازنەیی بەرێوە چوو.
5. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی چوار (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (409 هەزارو 548) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (14%)، بەجۆرێک؛

- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (257 هەزارو 359) دەنگ بوو بەرێژەی (36%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (715 هەزار و 871) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 87 هەزار و 73) کەس.
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر؛ (111 هەزارو 102) دەنگ بوو بەرێژەی (15%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (763 هەزار و 19) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 22 هەزار و 906) کەس.
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک؛ (28 هەزارو 577) دەنگ بوو بەرێژەی (5%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (565 هەزار و 388) دەنگ بوو لە کۆی (729 هەزار و 347) کەس.
- دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەڵەبجە؛ (12 هەزارو 530) دەنگ بوو بەرێژەی (30%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (41 هەزار و 671) دەنگ بوو لە کۆی (60 هەزار و 252) کەس.

**چارتی ژمارە (9)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان



## چواردەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025/11/11 بەڕێوەچووە.
2. (3 ملیۆن و 883 هەزارو 501) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 168 هەزارو 116) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (68.9%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە سێ بازنەیی بەرێوە چوو.
5. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی سێ (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (340 هەزارو 980) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (10.8%)، بەجۆرێک؛
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی؛ (241 هەزارو 143) دەنگ بوو بەرێژەی (19.6%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 227 هەزار و 460) کەس بووە.
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر؛ (97 هەزارو 411) دەنگ بوو بەرێژەی (8.7%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 115 هەزار و 122) کەس بووە.
   - دەنگی یەکێتی لە پارێزگای دهۆک؛ (2 هەزارو 426) دەنگ بوو بەرێژەی (0.3%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (805 هەزار و 269) کەس بووە.




*هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان لە ساڵی 2000 لە دەڤەری سلێمانی و لە 2001 لە دەڤەری هەولێر بەڕێوەچوو.

## تەوەری سێیەم

## دەنگ و پێگەی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا

- لە ساڵی (2009) (2 ملیۆنێک و 518 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو بزوتنەوەی گۆڕان (445 هەزار و 24) دەنگی بە ڕێژەی (17.7%) بەدەستهێناوە.
- لە دوا هەڵبژاردندا بۆ پەرلەمانی کوردستان (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، بزوتنەوەی گۆڕان تەنها (11 هەزارو 636) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (0.4%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە چوار پارێزگاکەی هەرێم.
- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنی (2009)ەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بە ڕێژەی (15%) زیادیان کردووە، بەڵام دەنگەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەڕێژەی (97%) کەمی کردووە.
- لە دوای ساڵی (1992)ەوە لە هەرێمی کوردستان (13) هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەچووەو بزوتنەوەی گۆڕان بەشداری (9) هەڵبژاردنی کردووە.
- بزوتنەوەی گۆڕان (1) جار بە شێوەی هاوپەیمانی و (8) جار بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کردووە.
- لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لە 2025/11/11 بەڕێوەچوو، بزوتنەوەی گۆڕان بەشداری هەڵبژاردنەکەی نەکرد.

## پوختە

لە ساڵی (1992)ەوە (14) هەڵبژاردنی گشتی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، بەڕێوەچووە، بزوتنەوەی گۆڕان بەو پێیەی لە ساڵی (2009)ەوە دامەزراوە، تەنها بەشداری (9) هەڵبژاردنی کردووەو لە دوا هەڵبژاردنیشدا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025/11/11 بەشداری نەکرد، لە سەرجەم ئەو هەڵبژاردنانەی بەشدابووە، بە لیستی سەربەخۆ بووە، جگە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی

(2021) به هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان چووتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە پارێزگاکانی هەرێم مافی دەنگدانیان هەیە، بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانیوە بە هەمان ئاست ژمارەی دەنگەکانی بەرز بکاتەوە، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2009/7/25) بەڕێوەچوو، بەو پێیەی یەکەم بەشداری بزوتنەوەی گۆڕان بووە لە هەڵبژاردن (2 ملیۆنێک و 518 هەزار 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، بزوتنەوەی گۆڕان (445 هەزارو 24) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (17.7%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەڵام لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2024/10/20) بەڕێوەچوو، لەسەر ئاستی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان توانیویەتی تەنها (11 هەزارو 636) دەنگ بەدەستبهێنێت بە رێژەی (4.%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەم پێیەش ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2009)ەوە بە ڕێژەی (15%) زیادی کردووە، بەڵام دەنگەکانی بزوتنەوەی گۆڕان (433 هەزار و 388) دەنگ بە ڕێژەی (97%) کەمی کردووە، (بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (1))، کە پێگەی بزوتنەوەی گۆڕان لە سەرجەم هەڵبژاردنە گشتییەکان ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

| ز | خولەکانی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی دەنگەکانی بزوتنەوەی گۆڕان | ژمارەی گشتی دەنگدەران | ڕێژەی دەنگەکانی بزوتنەوەی گۆڕان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان | 25/07/2009 | 445,024 | 2,518,773 | 17.7% |
| 2 | خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 07/03/2010 | 425,793 | 2,590,274 | 16.4% |
| 3 | خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان | 21/09/2013 | 476,736 | 2,653,743 | 18.0% |
| 4 | خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/04/2014 | 472,503 | 2,717,082 | 17.4% |
| 5 | خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/04/2014 | 490,572 | 2,717,082 | 18.1% |
| 6 | خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 12/05/2018 | 199,611 | 3,758,896 | 5.3% |
| 7 | خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/09/2018 | 186,903 | 3,085,461 | 6.1% |
| 8 | خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 10/10/2021 | 22,091 | 3,450,773 | 0.6% |
| 9 | خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | 20/10/2024 | 11,636 | 2,899,578 | 0.4% |

## چارتی ژمارە (1)

### ژمارەو ڕێژەی دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان
### لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا



## یەکەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کە یەکەم بەشداری بزوتنەوەی گۆڕان بوو لە 2009/7/25 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 518 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 876 هەزارو 196) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.5%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. بزوتنەوەی گۆڕان (445 هەزارو 24) دەنگی بەدەستهێناو (25) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد.

## دووەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2010/3/7 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 590 هەزارو 274) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 938 هەزارو 754) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.8%).
4. بزوتنەوەی گۆڕان (425 هەزارو 793) دەنگی بەدەستهێنا، بە جۆرێک؛
   - دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی؛ (298 هەزارو 621) دەنگ بوو بەرێژەی (35.8%).
   - دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر؛ (103 هەزارو 397) دەنگ بوو بەرێژەی (15.2%).
   - دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک؛ (23 هەزارو 775) دەنگ بوو بەرێژەی ( 5.6%).




## سێیەم: هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 653 هەزارو 743) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 978 هەزارو 382) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.6%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. بزوتنەوەی گۆڕان (476 هەزارو 736) دەنگی بەدەستهێناو (24) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد.

## چوارەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 128 هەزارو 167 ) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (78%).
4. بزوتنەوەی گۆڕان (472 هەزارو 503) دەنگی بەدەستهێنا ، بە جۆرێک؛
   - دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی؛ (347 هەزارو 799 دەنگ بوو بەڕێژەی (39%).
   - دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر؛ (104 هەزارو 59) دەنگ بوو بەڕێژەی (14%).
   - دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک؛ (20 هەزارو 645) دەنگ بوو بەڕێژەی (4%).

چارتی ژمارە (3)
ژمارەو ڕێژەی دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان
لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



## پێنجەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 161 هەزارو 38 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (80%).
4. بزوتنەوەی گۆڕان (490 هەزارو 572) دەنگی بەدەستهێنا ، بە جۆرێک؛

- دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی؛ (359 هەزارو 600) دەنگ بوو بەرێژەی (40%).
- دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر؛ (108 هەزارو 117) دەنگ بوو بەرێژەی (14%).
- دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک؛ (22 هەزارو 885) دەنگ بوو بەرێژەی (5%).

**چارتی ژمارە (4)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 30-4-2014



## شەشەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2018/5/12 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 758 هەزارو 896) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 799 هەزارو 686 ) کەس دەنگیاندا.
4. بزوتنەوەی گۆڕان (199 هەزارو 611) دەنگی بەدەستهێنا. بەجۆرێک؛

- بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی؛ (154 هەزارو 947) دەنگی بەدەستهێنا.
- بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر؛ (40 هەزارو 863) دەنگی بەدەستهێنا.
- بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک؛ (3 هەزارو 801) دەنگی بەدەستهێنا.

**چارتی ژمارە (5)**
ژمارەو دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان
لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



## حەوتەم؛ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 85 هەزارو 461) كەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (1 ملیۆن و 845 هەزارو 979 ) كەس دەنگیاندا بەرێژەی (60%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان بەیەك بازنە بەرێوە چوو.
5. بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی سێ پارێزگاكەی هەرێم (186 هەزارو 903) دەنگی بەدەستهێناو تەنها (12) كورسی پەرلەمانی مسۆگەر كرد.

## هەشتەم؛ هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم)

1. هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم) لە 2021/10/10 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 450 هەزارو 773) كەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (1 ملیۆن و 233 هەزارو 451 ) كەس دەنگیاندا بەرێژەی (35.7%)
4. بزوتنەوەی گۆڕان (22 هەزارو 91) دەنگی بەدەستهێنا، بەجۆرێك لەسەر ئاستی پارێزگاكانی هەرێم؛

- دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی؛ (17 هەزارو 846) دەنگ بوو بەرێژەی (4.5%)ی دەنگدەران.
- دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر؛ (4 هەزارو 245) دەنگ بوو بەرێژەی (1%)ی دەنگدەران.

بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای دهۆك لەبەر ئەوەی هیچ كاندیدێكی نەبوو، بۆیە هیچ دەنگێكیشی بەدەست نەهێنا.




## نۆیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 789 هەزارو 360) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 85 هەزارو 949 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (72%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە چوار بازنەیی بەرێوە چوو.
5. بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی چوار (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (11 هەزارو 636) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (0.4%)، بەجۆرێک؛

- دەنگی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی؛ (9 هەزارو 736) دەنگ بوو بەرێژەی (1.4%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (715 هەزار و 871) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 87 هەزار و 73) کەس.
- دەنگی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر؛ (هەزارو 455) دەنگ بوو بەرێژەی (0.2%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (763 هەزار و 19) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 22 هەزار و 906) کەس.
- دەنگی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک؛ (248) دەنگ بوو بەرێژەی (0.04%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (565 هەزار و 388) دەنگ بوو لە کۆی (729 هەزار و 347) کەس.
- دەنگی گۆڕان لە پارێزگای هەڵەبجە؛ (197) دەنگ بوو بەرێژەی (0.5%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (41 هەزار و 671) دەنگ بوو لە کۆی (60 هەزار و 252) کەس.



# تەوەری چوارەم

## دەنگ و پێگەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا

- لە دوای ساڵی (1992)ەوە لە هەرێمی کوردستان (14) هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەچووەو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەشداری (13) هەڵبژاردنیانی کردووە.
- یەکگرتووی ئیسلامی (3) جار بە شێوەی هاوپەیمانی و (10) جار بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کردووە.
- بۆ یەکەم جار لە ساڵی (2005) بەشداری هەرڵبژاردنەکانی (خولی دوومی پەرلەمانی کوردستان بە لیستی هاوبەش، خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی بە لیستی سەربەخۆ) کردووەو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان (2 ملیۆن و 290 هەزار و 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو یەکگرتوو (133 هەزار و 206) دەنگی بە ڕێژەی (6%) بەدەستهێناوە.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، یەکگرتوو (117 هەزارو 444) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (4%) کۆی گشتی دەنگدەران لە چوار پارێزگاکەی هەرێم.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە 2025/11/11 لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، یەکگرتوو (167 هەزارو 219) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (5.3%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.
- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005)ەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕێژەی (27.2%) زیادیان کردووە، بەڵام دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تەنها بە ڕێژەی (20.3%) زیادی کردووە.

## پوختە


یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە (1994/2/6) پاش (3) ساڵ لە دوای ڕاپەرینی هەرێمی کوردستان و لەنێو جەرگەی قەیران و گەمارۆی ئابووری هەرێمی کوردستان و لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا وەک حیزبێکی سیاسی مەدەنی و بێ چەک و لەلایەن سەلاحەدین محەمەد بەهادین و چەند هاوڕێیەکییەوە دامەزراوە.

لە ساڵی (1992)ەوە (14) هەڵبژاردنی گشتی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، بەڕێوە چووە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان جگە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (1992/5/19) بەشداری سەرجەم هەڵبژاردنەکانی تری کردووە، کە لە (10) هەڵبژاردنیان بە لیستی سەربەخۆ و (3) هەڵبژاردنیان بەشێوەی هاوپەیمانی چووتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە سێ یان (چوار) پارێزگاکەی هەرێم مافی دەنگدانیان هەیە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نەیتوانیوە بە هەمان ئاست ژمارەی دەنگەکانی بەرز بکاتەوە، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە پاڵ هەڵبژاردنەکانی (پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە لە (2005/1/30) بەڕێوەچوو (2 ملیۆن و 290 هەزار و 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (133 هەزارو 206) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (6%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەڵام لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2024/10/20) بەڕێوەچوو، لەسەر ئاستی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان توانیویەتی تەنها (117 هەزارو 444) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی (4%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەم پێیەش ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005)ەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی کە لە (2024/10/20) بەڕێوەچوو بە ڕێژەی (27%) زیادیان کردووە، بەڵام دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە ڕێژەی (12%) کەمی کردووە.

بەڵام لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە 2025/11/11 لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، یەکگرتوو (167 هەزارو 219) دەنگی بەدەستهێنا

بەرێژەی (5.3%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

کەواتە ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005)ەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە (2025/11/11) بە ڕێژەی (27.2%) زیادیان کردووە، بەڵام دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تەنها بە ڕێژەی (20.3%) زیادی کردووە.

(بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (1))، لە خوارەوە پێگەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنە گشتییەکان ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

پێگەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا

| ز | خولەکانی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامی | ژمارەی گشتی دەنگدەران | ڕێژەی دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/01/2005 | لیستی هاوبەش | 2,290,736 | لیستی هاوبەش |
| 2 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/01/2005 | 133,206 | 2,290,736 | 6% |
| 3 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/01/2005 | ? | 2,290,736 | 1.8% |
| 4 | خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان | 25/07/2009 | لیستی هاوبەش | 2,518,773 | لیستی هاوبەش |
| 5 | خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 07/03/2010 | 214,222 | 2,590,274 | 8% |
| 6 | خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان | 21/09/2013 | 186,741 | 2,653,743 | 7% |
| 7 | خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/04/2014 | 192,179 | 2,717,082 | 7% |
| 8 | خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/04/2014 | 155,972 | 2,717,082 | 6% |
| 9 | خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 12/05/2018 | 98,019 | 3,758,896 | 3% |
| 10 | خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/09/2018 | 67,712 | 3,085,461 | 2% |
| 11 | خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 10/10/2021 | 108,010 | 3,450,773 | 3% |
| 12 | خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان | 20/10/2024 | 117,444 | 2,899,578 | 4% |
| 13 | خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 11/11/2025 | 167,219 | 3,147,851 | 5% |

## چارتی ژمارە (1)
### ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
### لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا



## یەکەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان

1. خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 753 هەزارو 919) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (76.6%)
4. سەرجەم حزبەکان بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیشەوە جگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی) لەچوارچێوەی لیستی (نیشتمانی دیموکراتی کوردستان) بەشدار بوون کە (ملیۆنێک و 570 هەزارو 663) دەنگیان بەدەستهێناو (104) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## دووەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 767 هەزارو 993) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (77.2%).
4. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (133 هەزارو 206) دەنگی بەدەستهێنا ، بە جۆرێک؛

- یەکگرتوو لە پارێزگای سلێمانی؛ (75 هەزارو 8) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (10.2%).
- دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای هەولێر؛ (22 هەزارو 523) دەنگ بوو بەرێژەی (3.5%).
- یەکگرتوو لە پارێزگای دهۆک؛ (35 هەزارو 675) دەنگی بردەوە بەرێژەی (9.5%).

**چارتی ژمارە (2)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 30–1–2005




## سێیەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2005/1/30 بەرێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. لە (30ی کانوونی دووەمی 2005) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، کە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی لە خۆدەگرت توانی (2 ملیۆن و 175 هەزار و 551) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەرێژەی (25%) و (75) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، هاوکات لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش توانی (2) کورسی بەدەستبهێنێت. واتا لە کۆی (275) کورسی ئەنجومەنی نوێنەران کورد (77) کورسی هەبوو بەرێژەی (28%)ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

دواتریش لە (2005/12/15) هەڵبژاردنێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، کە (326) لیست و لایەن و کەسایەتی بەشدارییان تێداکرد، تیایدا لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی لە خۆگرتوو، یەکگرتووی

ئیسلامیش بە لیستی سەربەخۆ بەشداریانکرد و لە (2005/12/6) سەرجەم بارەگاکانیان لە ناوچەی بادینان سووتێنرا، لەو کاتەدا یەکگرتووی ئیسلامی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تاوانبارکرد بە سووتانی بارەگاکانیان.

لەو هەڵبژاردنەدا، بەپێی راگەیەنراوی کۆتایی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لیستی هاوپەیمانی کوردستانی رێژەی (19.27%)ی دەنگەکانی عێراقی بەدەستهێنا و (53) کورسی لە کۆی (275) کورسی پەرلەمانی کوردستانی مسۆگەرکرد، واتا لە ماوەی (11) مانگدا دەنگی هاوپەیمانی کوردستان نزیکەی (6%) دابەزی بەوپێیەی لە هەڵبژاردنی (30 کانوونی دووەمی 2005) دا (25%) کورسییەکانی بەدەستهێنابوو، هاوکات لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش (1.82%) ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و (5) کورسی پەرلەمانی عێراقی مسۆگەرکرد.

بەو پێیەش کورسییەکانی کورد لە هەڵبژاردنی (15 کانوونی یەکەمی 2005) بووە (21.9%) و (58) کورسیی و لە هەڵبژاردنی (30 کانوونی دووەمی 2005)دا (25%) و (75) کورسییەکانی بەدەستهێنابوو.

## چوارەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2009/7/25 بەرێوەچوو.
2. ( 2 ملیۆن و 518 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە
3. (ملیۆنێک و 876 هەزارو 196) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.5%)
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەرێوە چوو.
5. یەکگرتووی ئیسلامی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی (لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری) لەگەڵ حیزبەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی، زەحمەتکێشان و پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردوو (240 هەزار و 842) دەنگیان بەدەستهێنا بە رێژەی (12.8%)ی دەنگەکان و هاوپەیمانێتییەکە (13) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

## پێنجەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2010/3/7 بەرێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 590 هەزارو 274) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.

3. (ملیۆنێک و 938 هەزارو 754 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.8%).
4. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکە بەرێژەی (8%) و (214 هەزار و 222) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە هەولێر (917هەزار و685) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە و (680هەزار و408) کەس دەنگیداوە بە رێژەی (74.1%). یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەرێژەی (8%) و (51 هەزار و 65) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە سلێمانی (ملیۆنێک و 098 هەزار و 451) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووە و (833 هەزار و 631) کەس دەنگیانداوە، بەرێژەی (75.9%)، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەرێژەی (12%) و (103 هەزار و 188) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە دهۆکیش کە (574 هەزار و 138) مافی دەنگدانیان هەبووەو (424 هەزار و 715) کەس دەنگیانداوە بەرێژەی ( 73.97%)، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەرێژەی (14%) و (59 هەزار و 969) دەنگی بەدەستهێناوە.

**چارتی ژمارە (3)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەران 2010/3/7



## شەشەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 653 هەزارو 743) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 978 هەزارو 382) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.6%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە ڕێژەی (7%) (186 هەزارو 741) دەنگی بەدەستهێناو (10) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد.

## حەوتەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 128 هەزارو 167 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (78%).
4. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکە بەڕێژەی (7%) و (192 هەزار و 179) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە هەولێر (936 هەزار و 557) مافی دەنگدانیان هەبووە و (744 هەزارو 489) دەنگیداوە، بە ڕێژەی (79%)، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (4%) و (26 هەزار و 323) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە سلێمانی (ملیۆنێک و 168 هەزار و459) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووە و (893 هەزار و 226) کەس دەنگیانداوە، بەڕێژەی (76%) و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (9%) و (81 هەزار و 392) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە دهۆکیش کە (612 هەزار و 66) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، (490 هەزار و 452) کەس دەنگیانداوە بەڕێژەی (80%)، یەکگرتووی

ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (17%) و (84 هەزار و 464) دەنگی بەدەستهێناوە.

**چارتی ژمارە (4)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەران 2014/4/30



## هەشتەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 161 هەزارو 38 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (80%).
4. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە ڕێژەی (6%) (155 هەزارو 972) دەنگی بەدەستهێنا ، بە جۆرێک؛
   - دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای سلێمانی (66 هەزارو 97) دەنگ بوو بەرێژەی (7%).
   - دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای هەولێر (27 هەزارو 713) دەنگ بوو بەرێژەی (4%).
   - دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای دهۆک (62 هەزارو 162) دەنگ بوو بەرێژەی (12%).

**چارتی ژمارە (5)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان 2014/4/30



## نۆیەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2018/5/12 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 758 هەزارو 896) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 799 هەزارو 686 ) کەس دەنگیاندا
4. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکە بەڕێژەی (3%) و (98 هەزار و 19) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە پارێزگای هەولێر (642 هەزار و 232) هاوڵاتی دەنگیداوە. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (4%) و (24هەزار و 475) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای سلێمانی (664 هەزار و 146) هاوڵاتی دەنگیداوە. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (5%) و (30 هەزار و 19) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای دهۆکیش کە (489 هەزار و 308) هاوڵاتی دەنگیداوە. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (9%) و (43 هەزار و 525) دەنگی بەدەستهێناوە.

**چارتی ژمارە (6)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەران 2018/5/12



## دەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 85 هەزارو 461) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 845 هەزارو 979 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (60%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەرێوە چوو.
5. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە هاوپەیمانی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی بە لیستی (هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح) بەشداری ئەم هەڵبژاردنەیان کرد و لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکەی هەرێم (67 هەزارو 712) دەنگیان بەڕێژەی (%2) بەدەستهێنا و (5) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## یانزەیەم؛ هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم)

1. هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم) لە 2021/10/10 بەڕێوەچوو
2. ( 3 ملیۆن و 450 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 233 هەزارو 451 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (35.7%).
4. هەر پارێزگایەکی هەرێم بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەشکرا.
5. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لە (6) بازنەی هەڵبژاردن کاندیدی هەبووە، بە جۆرێک لە هەر پارێزگایەک (2) کاندیدی هەبوو، بەگشتیش بەڕێژەی (%3) و (108 هەزار و 10) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە پارێزگای هەولێر (ملیۆنێک و 238 هەزار و379) مافی دەنگدانیان هەبووە و (444 هەزارو 253) دەنگیداوە، بە رێژەی (%35.9). یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەرێژەی (%1) و (3 هەزار و 990) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای سلێمانی (ملیۆنێک و425 هەزارو 705) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووە و (392 هەزار و667) دەنگیانداوە، بەڕێژەی (27.5%). یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (%6) و (22 هەزارو 876) دەنگی بەدەستهێناوە.

- له پارێزگای دهۆکیش که (822 هەزار و 703) مافی دەنگدانیان هەبووە، (395 هەزار و977) کەس دەنگیانداوە بەڕێژەی (48.1%). یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (20%) و (81 هەزار و 144) دەنگی بەدەستهێناوە.

**چارتی ژمارە (7)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەران 10-10-2021




## دوانزەیەم: هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 789 هەزارو 360) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 85 هەزارو 949 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (72%).

4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە چوار بازنەیی بەڕێوە چوو.
5. یەکگرتووی ئیسلامی لەسەر ئاستی چوار (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (117 هەزارو 444) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (4%)، بەجۆرێک؛
- دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای سلێمانی؛ (42 هەزارو 687) دەنگ بوو بەرێژەی (6%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (715 هەزار و 871) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 87 هەزار و 73) کەس.
- دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای هەولێر؛ (24 هەزارو 178) دەنگ بوو بەرێژەی (3%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (763 هەزار و 19) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 22 هەزار و 906) کەس.
- دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای دهۆک؛ (42 هەزار و 732) دەنگ بوو بەرێژەی (7.5%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (565 هەزار و 388) دەنگ بوو لە کۆی (729 هەزار و 347) کەس.
- دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای هەڵەبجە؛ (7 هەزار و 847) دەنگ بوو بەرێژەی (19%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (41 هەزار و 671) دەنگ بوو لە کۆی (60 هەزار و 252) کەس.

**چارتی ژمارە (8)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان 2024/10/20



## سیانزەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025/11/11 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 883 هەزارو 501) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 168 هەزارو 116) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (68.9%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە سێ بازنەیی بەرێوە چوو.
5. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسەر ئاستی سێ (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (167 هەزارو 219) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (5.3%)، بەجۆرێک؛
   - دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای سلێمانی؛ (65 هەزارو 312) دەنگ بوو بەرێژەی (5.3%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 227 هەزار و 460) کەس بووە.
   - دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای هەولێر؛ (28 هەزارو 921) دەنگ بوو بەرێژەی (2.6%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 115 هەزار و 122) کەس بووە.
   - دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای دهۆک؛ (72 هەزارو 986) دەنگ بوو بەرێژەی (9.1%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (805 هەزار و 269) کەس بووە.



چارتی ژمارە (9)
ژمارەو ڕێژەی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
11/11/2025
80,000
60,000
40,000
20,000
0
65,312
5.3%
28,921
2.6%
72,986
9.1%
پارێزگای سلێمانی
پارێزگای هەولێر
پارێزگای دهۆک
ژمارەی دەنگ
ڕێژەی دەنگ

## تەوەری پێنجەم

## دەنگ و پێگەی کۆمەڵی دادگەریی "ئیسلامی" کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا

- لە دوای ساڵی (1992)ەوە لە هەرێمی کوردستان (14) هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەچووەوە کۆمەڵی دادگەریی کوردستان بەشداری (13) هەڵبژاردنیانی کردووە.
- کۆمەڵی دادگەری (2) جار بە شێوەی هاوپەیمانی و (11) جار بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کردووە.
- بۆ یەکەم جار لە ساڵی (2005) بەشداری هەرڵبژاردنەکانی (خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی) بە لیستی سەربەخۆ کردووەو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (2 ملیۆن و 290 هەزار و 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کۆمەڵ (85 هەزار و 237) دەنگی بە ڕێژەی (4%) بەدەستهێناوە.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، کۆمەڵ (64 هەزارو 864) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (2.2%) کۆی گشتی دەنگدەران لە چوار پارێزگاکەی هەرێم.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە 2025/11/11 لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، کۆمەڵ (49 هەزارو 756) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (1.6%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.
- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005)ەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕێژەی (27.2%) زیادیان کردووە، بەڵام دەنگەکانی کۆمەڵی دادگەری بە ڕێژەی (41.6%)ی دەنگەکانی کەمی کردووە.

## پوختە

کۆمەڵی دادگەری یەکێکە لە حیزبە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و لە (2001/5/31) دروستبووە، لە سەرەتای درووستبوونی هەتاوەکو (2021/2/19) ناوی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بووە، بەڵام لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکە ناوەکەی گۆڕدرا بە کۆمەڵی دادگەری، سەرۆکی حیزبەکە "عەلی باپیرە" و پەیڕەوی پرۆگرامی سوننەی ئیسلامی دەکات.

حیزبەکە و سەرۆک و ئەندامەکانی پێشووتر لەنێو حیزبی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا بوون بەڵام لە ئایاری (2001) بەهۆی ناکۆکییەوە جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند.

لە ساڵی (1992)ەوە (14) هەڵبژاردنی گشتی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، بەڕێوەچووە، کۆمەڵی دادگەری کوردستان جگە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (1992/5/19) بەشداری سەرجەم هەڵبژاردنەکانی تری کردووە، کە لە (11) هەڵبژاردنیان بە لیستی سەربەخۆ و (2) هەڵبژاردنیان بەشێوەی هاوپەیمانی چووتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە سێ (چوار) پارێزگاکەی هەرێم مافی دەنگدانیان هەیە، کۆمەڵی دادگەری کوردستان نەیتوانیوە بە هەمان ئاست، ژمارەی دەنگەکانی بەرز بکاتەوە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە پاڵ هەڵبژاردنەکانی (ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە لە (2005/1/30) بەڕێوەچوو (2 ملیۆن و 290 هەزار و 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، کۆمەڵی دادگەری کوردستان (85 هەزارو 237) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (4%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەڵام لە دواین هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2024/10/20) بەڕێوەچوو، لەسەر ئاستی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان توانیویەتی تەنها (64 هەزارو 864) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی (2.2%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەم پێیەش ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005)ەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی کە لە (2024/10/20) بەڕێوەچوو بە ڕێژەی

(27%) زیادیان کردووە، بەڵام دەنگەکانی کۆمەڵی دادگەری کوردستان بە ڕێژەی (24%) کەمی کردووە.

هەروەها لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە 2025/11/11 لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، کۆمەڵ (49 هەزارو 756) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (1.6%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005)ەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕێژەی (27.2%) زیادیان کردووە، بەڵام دەنگەکانی کۆمەڵی دادگەری بە ڕێژەی (41.6%)ی دەنگەکانی کەمی کردووە.

(بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (1))، لە خوارەوە پێگەی کۆمەڵی دادگەری کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنە گشتییەکان ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

پێگەی کۆمەڵی دادگەری کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا

| ز | خولەکانی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی دەنگەکانی کۆمەڵ | ژمارەی گشتی دەنگدەران | ڕێژەی دەنگەکانی کۆمەڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/01/2005 | 85,237 | 2,290,736 | 4% |
| 2 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/01/2005 | 71,869 | 2,290,736 | 3% |
| 3 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/01/2005 | لیستی هاوبەش | 2,290,736 | لیستی هاوبەش |
| 4 | خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان | 25/07/2009 | لیستی هاوبەش | 2,518,773 | لیستی هاوبەش |
| 5 | خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 07/03/2010 | 144,996 | 2,590,274 | 6% |
| 6 | خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان | 21/09/2013 | 118,574 | 2,653,743 | 4% |
| 7 | خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/04/2014 | 140,771 | 2,717,082 | 5% |
| 8 | خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/04/2014 | 117,089 | 2,717,082 | 4% |
| 9 | خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 12/05/2018 | 91,973 | 3,758,896 | 2% |
| 10 | خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/09/2018 | 109,494 | 3,085,461 | 4% |
| 11 | خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 10/10/2014 | 64,156 | 3,450,773 | 2% |
| 12 | خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان | 20/10/2024 | 64,864 | 2,899,578 | 2% |
| 13 | خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 11/11/2025 | 49,756 | 3,147,851 | 2% |

## چارتی ژمارە (1)

### ژمارەو ڕێژەی دەنگی کۆمەڵی دادگەری کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا



## یەکەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان

1. خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 753 هەزارو 919) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (76.6%).
4. سەرجەم حزبەکان بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیشەوە جگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی) لەچوارچێوەی لیستی (نیشتمانی دیموکراتی کوردستان) بەشدار بوون کە (ملیۆنێک و 570 هەزارو 663) دەنگیان بەدەستهێناو (104) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.
5. کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" (85 هەزار و 237) دەنگی بە ڕێژەی (4%) بەدەستهێنا ، (6) کورسی پەرلەمانی کوردستانی بەدەستهێنا.

## دووەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 767 هەزارو 993) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (77.2%).
4. کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" کوردستان جگە لە پارێزگای دهۆک (71 هەزارو 869) دەنگی بە ڕێژەی (3%)بەدەستهێنا ، بە جۆرێک؛
   - کۆمەڵ لە پارێزگای سلێمانی؛ (53 هەزارو 88) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (7.2%) بەم پێیەش (3) کورسی پارێزگاکەی بردەوە.
   - دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای هەولێر؛ (18 هەزارو 781) دەنگ بوو بەرێژەی (2.9%) و توانی تەنها کورسییەکی ئەنجومەنەکە بباتەوە.

**چارتی ژمارە (2)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" کوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 30–1–2005



## سێیەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2005/1/30 بەرێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. لە (30ی کانوونی دووەمی 2005) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، کە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی لە خۆدەگرت توانی (2 ملیۆن و 175 هەزار و 551) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (25%) و (75) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، هاوکات لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش توانی (2) کورسی بەدەستبهێنێت. واتا لە کۆی (275) کورسی ئەنجومەنی نوێنەران کورد (77) کورسی هەبوو بەڕێژەی (28%)ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

دواتریش لە (2005/12/15) هەڵبژاردنێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، کە (326) لیست و لایەن و کەسایەتی بەشدارییان تێداکرد، تیایدا لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی لە خۆگرتوو، جگە لە یەکگرتووی ئیسلامی بە لیستی سەربەخۆ بەشداریانکرد.

لەو هەڵبژاردنەدا، بەپێی راگەیەنراوی کۆتایی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لیستی هاوپەیمانی کوردستانی رێژەی (19.27%)ی دەنگەکانی عێراقی بەدەستهێنا و (53) کورسی لە کۆی (275) کورسی پەرلەمانی کوردستانی مسۆگەرکرد.

## چوارەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2009/7/25 بەڕێوەچوو.
2. ( 2 ملیۆن و 518 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە
3. (ملیۆنێک و 876 هەزارو 196) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (74.5%)
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. کۆمەڵی ئیسلامی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی (لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری) لەگەڵ حیزبەکانی (یەکگرتووی ئیسلامی، زەحمەتکێشان و پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردوو (240 هەزار و 842) دەنگیان بەدەستهێنا بە ڕێژەی (12.8%)ی دەنگەکان و هاوپەیمانێتییەکە (13) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

## پێنجەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2010/3/7 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 590 هەزارو 274) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 938 هەزارو 754 ) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (74.8%).
4. کۆمەڵی دادگەری لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکە بەڕێژەی (6%) و (144 هەزار و 996) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە هەولێر (917 هەزار و 685) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە و (680 هەزار و 408) کەس دەنگیداوە بە ڕێژەی (74.1%). کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (9%) و (62 هەزار و 706) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە سلێمانی (1ملیۆن و 098 هەزارو 451) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووە و (833 هەزار و 631) کەس دەنگیانداوە، بەڕێژەی (75.9%)، کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (9%) و (79 هەزار و 149) دەنگی بەدەستهێناوە.

- له دهۆکیش که (574 هەزار و 138) مافی دەنگدانیان هەبووەو (424 هەزار و 715) کەس دەنگیانداوە بەڕێژەی ( 73.97%)، کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (1%) و (3 هەزار و 141) دەنگی بەدەستهێناوە.

**چارتی ژمارە (3)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" کوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 7–3–2010




## شەشەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 653 هەزارو 743) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 950 هەزارو 130) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (74.6%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە ڕێژەی (4%) (118 هەزارو 574) دەنگی بەدەستهێناو (6) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد.

## حەوتەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 128 هەزارو 167 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (78%).
4. کۆمەڵی دادگەری لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکە بەڕێژەی (%5) و (140 هەزار و 771) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە هەولێر (936 هەزار و 557) مافی دەنگدانیان هەبووە و (744 هەزارو 489) دەنگیداوە، بە ڕێژەی (%79) کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (11%) و (80 هەزار و 492) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە سلێمانی (1ملیۆن و 168 هەزار و459) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووە و (893 هەزار و 226) کەس دەنگیانداوە، بەڕێژەی (76%) و کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (6%) و (57 هەزار و 102) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە دهۆکیش کە (612 هەزار و 66) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، (490 هەزار و 452) کەس دەنگیانداوە بەڕێژەی (%80)، کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (1%) و (3 هەزار و 177) دەنگی بەدەستهێناوە.

**چارتی ژمارە (4)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" کوردستان
خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 30-4-2014



## هەشتەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2014/4/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 717 هەزارو 82) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (2 ملیۆن و 161 هەزارو 38 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (80%).
4. کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" کوردستان بە رێژەی (%4) (117 هەزارو 89) دەنگی بەدەستهێنا ، بە جۆرێک؛
   - دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای سلێمانی (55 هەزارو 457) دەنگ بوو بەرێژەی (6%).
   - دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای هەولێر (57 هەزارو 907) دەنگ بوو بەرێژەی (8%).
   - دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای دهۆک (3 هەزارو 89) دەنگ بوو بەرێژەی (%1).

**چارتی ژمارە (5)**
ژمارەو رێژەی دەنگی کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" کوردستان
لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 30-4-2014



## نۆیەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2018/5/12 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 758 هەزارو 896) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 799 هەزارو 686 ) کەس دەنگیاندا بە ڕێژەی (48%).
4. کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکە بەڕێژەی (2%) و (91 هەزار و 973) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە پارێزگای هەولێر (642 هەزار و 232) هاوڵاتی دەنگیداوە. کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (6%) و (36 هەزار و 782) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای سلێمانی (664 هەزار و 146) هاوڵاتی دەنگیداوە. کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (8%) و (51 هەزار و 563) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای دهۆکیش کە (489 هەزار و 308) هاوڵاتی دەنگیداوە. کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (1%) و (3 هەزار و 628) دەنگی بەدەستهێناوە.



## دەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 85 هەزارو 461) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 845 هەزارو 979 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (60%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەرێوە چوو.
5. کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" کوردستان بە لیستی سەربەخۆ بەشداری ئەم هەڵبژاردنەی کرد و لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکەی هەرێم (109 هەزارو 494) دەنگیان بەڕێژەی (%4) بەدەستهێنا و (7) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## یانزەیەم؛ هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم)

1. هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم) لە 2021/10/10 بەڕێوەچوو
2. ( 3 ملیۆن و 450 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 233 هەزارو 451) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (35.7%).
4. هەر پارێزگایەکی هەرێم بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەشکرا.
5. کۆمەڵی دادگەری لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لە (5) بازنەی هەڵبژاردن کاندیدی هەبووە، لە سلێمانی (3) کاندیدو لە هەولێر (2) کاندید، لە دهۆک هیچ کاندیدێکی نەبووە، بەڕێژەی (%2) و (64 هەزار و 156) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە پارێزگای هەولێر (1 ملیۆن و 238 هەزار و379) مافی دەنگدانیان هەبووە و (444 هەزارو 253) دەنگیداوە، بە رێژەی (%35.9). کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (4%) و (19 هەزار و 517) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای سلێمانی (1 ملیۆن و425 هەزارو 705) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووە و (392 هەزار و667) دەنگیانداوە، بەڕێژەی (27.5%). کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە بەڕێژەی (%11) و (44 هەزارو 639) دەنگی بەدەستهێناوە.

- له پارێزگای دهۆکیش که (822 هەزار و 703) مافی دەنگدانیان هەبووە، (395 هەزار و977) کەس دەنگیانداوە بەڕێژەی (48.1%). کۆمەڵی دادگەری لەم پارێزگایە هیچ کاندیدێکی نەبووە بۆیە هیچ دەنگی بەدەستنەهێناوە.




## دوانزەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 789 هەزارو 360) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 85 هەزارو 949 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (72%).

4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە چوار بازنەیی بەڕێوە چوو.

5. کۆمەڵی دادگەری لەسەر ئاستی چوار (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (64 هەزارو 864) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (2.2%)، بەجۆرێک؛

- دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای سلێمانی؛ (36 هەزارو 707) دەنگ بوو بەرێژەی (5%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (715 هەزار و 871) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 87 هەزار و 73) کەس.
- دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای هەولێر؛ (20 هەزارو 265) دەنگ بوو بەرێژەی (3%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (763 هەزار و 19) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 22 هەزار و 906) کەس.
- دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای دهۆک؛ (3 هەزار و 677) دەنگ بوو بەرێژەی (0.7%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (565 هەزار و 388) دەنگ بوو لە کۆی (729 هەزار و 347) کەس.
- دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای هەڵەبجە؛ (4 هەزار و 215) دەنگ بوو بەرێژەی (10%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (41 هەزار و 671) دەنگ بوو لە کۆی (60 هەزار و 252) کەس.

**چارتی ژمارە (8)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی کۆمەڵی ئیسلامی "دادگەری" کوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 10-10-2021



## سیانزەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025/11/11 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 883 هەزارو 501) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 168 هەزارو 116) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (68.9%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە سێ بازنەیی بەرێوە چوو.
5. کۆمەڵی دادگەری کوردستان لەسەر ئاستی سێ (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (49 هەزارو 756) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (1.6%)، بەجۆرێک؛
   - دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای سلێمانی؛ (34 هەزارو 563) دەنگ بوو بەرێژەی (2.8%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 227 هەزار و 460) کەس بووە.
   - دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای هەولێر؛ (13 هەزارو 774) دەنگ بوو بەرێژەی (1.2%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 115 هەزار و 122) کەس بووە.
   - دەنگی کۆمەڵ لە پارێزگای دهۆک؛ (هەزارو 419) دەنگ بوو بەرێژەی (0.2%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (805 هەزار و 269) کەس بووە.

**چارتی ژمارە (8)**

**ژمارەو ڕێژەی دەنگی کۆمەڵی دادگەری کوردستان**

**لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

11/11/2025



# تەوەری شەشەم

## دەنگ و پێگەی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا

- لە دوای ساڵی (1992)ەوە لە هەرێمی کوردستان (14) هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەچووەو پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستای "حسک" بەشداری سەرجەمیانی کردووە.
- لە ساڵی (1992) (ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو "حسک" بە هاوپەیمانی لەگەڵ پاسۆک بە (24 هەزار و 882) دەنگی بە ڕێژەی (2.18%) بەدەستهێناوە.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، حسک بە هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان بە ناوی "لیستی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان"ەوە (13 هەزارو 226) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (0.5%) کۆی گشتی دەنگدەران لە چوار پارێزگاکەی هەرێم.
- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە یەکەم هەڵبژاردنەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بە ڕێژەی (161%) زیادیان کردووە، بەڵام دەنگەکانی حسک کەمی کردووە.
- لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025/11/11 لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، حسک (5 هەزارو 876) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (0.2%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.
- 

## پوختە

لە ساڵی (1992)ەوە (14) هەڵبژاردنی گشتی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، بەڕێوە چووە، پارتی

سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان بەشداری کردووە، لە زۆرینەیاندا بەشێوەی هاوپەیمانی چووتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە سێ پارێزگاکەی هەرێم مافی دەنگدانیان هەیە، پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان نەیتوانیوە ژمارەی دەنگەکانی بەرز بکاتەوە، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە (1992/5/19) بەڕێوەچوو (ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان بە هاوپەیمانی لەگەڵ پاسۆک (24 هەزارو 882) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (2.18%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەڵام لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2024/10/20) بەڕێوەچوو، لەسەر ئاستی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان بە لیستی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان بەشداربوو کە پێکهاتبووە لە هەر سێ لایەنی، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان، پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان و توانیان تەنها (13 هەزارو 226) دەنگ بەدەستبهێنن بەرێژەی (0.5%) کۆی گشتی دەنگدەران.

بەم پێیەش ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان لە یەکەم هەڵبژاردنەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بە ڕێژەی (161%) زیادی کردووە، بەڵام دەنگەکانی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان کەمی کردووە،

هەروەها لە دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (2025/11/11) بە ڕێوەچوو، لەسەر ئاستی سێ بازنەی هەڵبژاردن (هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) لە هەرێمی کوردستان، پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان توانیویەتی تەنها (5 هەزارو 876) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی (0.2%)ی کۆی گشتی دەنگدەران.

بەم پێیەش ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان لە یەکەم هەڵبژاردنەوە تا دوا هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕێژەی (183%) زیادی کردووە، بەڵام پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان (19 هەزار و 6) دەنگی بەڕێژەی (76%)ی دەنگەکانی کەمی کردووە،

(بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (1))، لە خوارەوە پێگەی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنە گشتییەکان ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

**پێگەی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان "حسک" لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا**

| ز | خولەکانی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی دەنگەکانی حسک | ژمارەی گشتی دەنگدەران | ڕێژەی دەنگەکانی حسک |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان | 19/05/1992 | 24,288 لیستی هاوبەش | 1,112,000 | 2.18% |
| 2 | خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/01/2005 | لیستی هاوبەش | 2,290,736 | لیستی هاوبەش |
| 3 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/01/2005 | 11,900 | 2,290,736 | 0.52% |
| 4 | خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/01/2005 | لیستی هاوبەش | 2,290,736 | لیستی هاوبەش |
| 5 | خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان | 25/07/2009 | لیستی هاوبەش | 2,518,773 | لیستی هاوبەش |
| 6 | خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 07/03/2010 | 10,620 | 2,590,274 | 0.41% |
| 7 | خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان | 21/09/2013 | 12,501 | 2,653,743 | 0.47% |
| 8 | خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 30/04/2014 | ؟ | 2,717,082 | ؟ |
| 9 | خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 30/04/2014 | ؟ | 2,717,082 | ؟ |
| 10 | خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 12/05/2018 | 11,930 | 3,758,896 | 0.32% |
| 11 | خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/09/2018 | 15,434 | 3,085,461 | 0.50% |
| 12 | خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 10/10/2021 | 6,595 | 3,450,773 | 0.19% |
| 13 | خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان | 20/10/2024 | 13,226 لیستی هاوبەش | 2,899,578 | 0.5% |
| 14 | خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 11/11/2025 | 5,876 | 3,147,851 | 0.2% |

## چارتی ژمارە (1)

### ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی سۆسیالست دیموكراتی كوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەكاندا



## یەکەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

1. خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، لە 1992/5/19 بەڕێوەچوو.
2. ( ملیۆنێک و 112 هەزار) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (971 هەزارو 593) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (87%).
4. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان بە هاوپەیمانی لەگەڵ پاسۆک لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم (24 هەزارو 882) دەنگیان بە ڕێژەی (2.18%) بەدەستهێنا.

## دووەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان

1. خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. ( 2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 753 هەزارو 919) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (76.6%).
4. سەرجەم حزبەکان لە نێویشیاندا پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان، جگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی) لەچوارچێوەی لیستی (نیشتمانی دیموکراتی کوردستان) بەشدار بوون کە (ملیۆنێک و 570 هەزارو 663) دەنگیان بەدەستهێناو (104) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## سێیەم؛ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2005/1/30 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 767 هەزارو 993) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (77.2%).
4. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان "حسک" (11 هەزارو 900) دەنگی بە ڕێژەی (0.52%) بەدەستهێنا، بە جۆرێک؛
   - دەنگی "حسک" لە پارێزگای سلێمانی (7 هەزارو 18) دەنگ بوو بەرێژەی (0.95%).

- دەنگی "حسک" لە پارێزگای هەولێر (2 هەزارو 437) دەنگ بوو بەرێژەی (0.37%).
- دەنگی "حسک" لە پارێزگای دهۆک (2 هەزارو 445) دەنگ بوو بەرێژەی (%0.63).

چارتی ژمارە (2)

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پاتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئەنجومەنی پارێزگاکان 30-1-2005




## چوارەم: هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2005/1/30 بەرێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 290 هەزارو 736) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. سەرجەم حزبەکان بە "حسکیشەوە" جگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی لەچوارچێوەی لیستی (هاوپەیمانی کوردستان) بەشدار بوون کە (2 ملیۆن و 175 هەزارو 551) دەنگیان بەدەستهێنا و (75) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد.

## پێنجەم؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2009/7/25 بەڕێوەچوو.
2. ( 2 ملیۆن و 518 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 876 هەزارو 196) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (74.5%).
4. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانی (لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری) لەگەڵ حیزبەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامیو زەحمەتکێشان) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردوو (240 هەزار و 842) دەنگیان بەدەستهێنا بە ڕێژەی (12.8%)ی دەنگەکان و هاوپەیمانێتییەکە (13) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

## شەشەم؛ هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2010/3/7 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 590 هەزارو 274) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 938 هەزارو 754) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74.8%).
4. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی عێراق بەڕێژەی (0.41%) و (10هەزار و 620) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە سلێمانی (ملیۆنێک و 098 هەزارو 451) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووە و (833 هەزار و631) کەس دەنگیانداوە، بەڕێژەی (75.9%)، پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (0.94%) و (7 هەزار و 868) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە هەولێر (917 هەزار و 685) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە و (680 هەزار و 408) کەس دەنگیداوە بە ڕێژەی (74.1%). پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (0.22%) و (هەزار و 519) دەنگی بەدەستهێناوە.

- له دهۆكیش كه (574 هەزار و 138) مافی دەنگدانیان هەبووەو (424 هەزار و 715) كەس دەنگیانداوە بەڕێژەی (73.97%)، پارتی سۆسیالست دیموكراتی كوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (0.29%) و (هەزار و 233) دەنگی بەدەستهێناوە.



## حەوتەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 بەڕێوەچوو.
2. (2 ملیۆن و 803 هەزارو 283) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 950 هەزارو 130) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (74%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەڕێوە چوو.
5. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان بە ڕێژەی (0.47%) (12 هەزارو 501) دەنگی بەدەستهێناو (1) کورسی پەرلەمانی بردەوە.

**هەشتەم و نۆیەم:** بەڵام تایبەت بە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21، هەروەها هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2014/4/30 هیچ داتایەک بەردەست نیە تایبەت بە ژمارەو ڕێژەی دەنگەکانی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان

## دەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2018/5/12 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 758 هەزارو 896) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 799 هەزارو 686) کەس دەنگیاندا.
4. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرێمی پارێزگاکە بەرێژەی (0.32%) و (11 هەزار و 930) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە پارێزگای سلێمانی (664 هەزار و 146) هاوڵاتی دەنگیداوە. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم پارێزگایە بەرێژەی (1.51%) و (10 هەزار و 53) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای هەولێر (642 هەزار و 232) هاوڵاتی دەنگیداوە. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم پارێزگایە بەرێژەی (0.19%) و (1 هەزار و 203) دەنگی بەدەستهێناوە.

- له پارێزگای دهۆكیش كه (489 هەزار و 308) هاوڵاتی دەنگیداوە. پارتی سۆسیالست دیموكراتی كوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (0.14%) و (674) دەنگی بەدەستهێناوە.

چارتی ژمارە (4)

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پاتی سۆسیالست دیموكراتی كوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران 10-10-2021



## یانزەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 85 هەزارو 461) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (1 ملیۆن و 845 هەزارو 979 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (60%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەرێوە چوو.
5. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان بە هاوپەیمانی لەگەڵ (یەکێتی نەتەوەیی و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران) لە ژێر ناوی "لیستی سەردەم" لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکەی هەرێم (15هەزارو 434) دەنگیان بەدەستهێنا بەرێژەی (0.5%).

## دوانزەیەم؛ هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم)

1. هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێنجەم) لە 2021/10/10 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 450 هەزارو 773) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (1 ملیۆن و 233 هەزارو 451) کەس دەنگیاندا بەریژەی (35.7%).
4. هەر پارێزگایەکی هەرێم بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەشکراو پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەسەرجەم بازنەکانی کاندیدی هەبوو.
5. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکە بەڕێژەی (0.19%) و (6 هەزار و 595) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە پارێزگای سلێمانی (ملیۆنێک و 425 هەزارو 705) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووە و (392 هەزار و 667) دەنگیانداوە، بەڕێژەی (27.5%). پارتی سۆسیالست دیموکراتی لەم پارێزگایە بەڕێژەی (%0.64) و (2 هەزارو 517) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای هەولێر (ملیۆنێک و 238 هەزار و 379) مافی دەنگدانیان هەبووە و (444 هەزارو 253) دەنگیداوە، بە رێژەی (%35.9). پارتی

سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (0.49%) و (2 هەزار و 167) دەنگی بەدەستهێناوە.

- لە پارێزگای دهۆکیش کە (822 هەزار و 703) مافی دەنگدانیان هەبووە، (395 هەزار و 977) کەس دەنگیانداوە بەڕێژەی (48.1%). پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەم پارێزگایە بەڕێژەی (0.48%) و (هەزار و 911) دەنگی بەدەستهێناوە.

**چارتی ژمارە (5)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی پاتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران 10-10-2021



## سیانزە؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2024/10/20 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 789 هەزارو 360) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (2 ملیۆن و 899 هەزارو 578) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 85 هەزارو 949 ) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (72%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە چوار بازنەیی بەڕێوە چوو.
5. پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان بە لیستی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان بەشداربوو کە پێکهاتبووە لە هەر سێ لایەنی، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان، پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی چوار (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم توانیان (13 هەزارو 226) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی (0.5%) کۆی گشتی دەنگدەران، بەجۆرێک؛

- دەنگی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی؛ (8 هەزارو 399) دەنگ بوو بەرێژەی (1%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (715 هەزار و 871) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 87 هەزار و 73) کەس.
- دەنگی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای هەولێر؛ (3 هەزارو 458) دەنگ بوو بەرێژەی (0.5%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (763 هەزار و 19) دەنگ بوو لە کۆی (ملیۆنێک و 22 هەزار و 906) کەس.
- دەنگی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای دهۆک؛ (851) دەنگ بوو بەرێژەی (0.2%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (565 هەزار و 388) دەنگ بوو لە کۆی (729 هەزار و 347) کەس.
- دەنگی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای هەڵەبجە؛ (518) دەنگ بوو بەرێژەی (1.2%)ی دەنگی دراوی پارێزگاکە کە (41 هەزار و 671) دەنگ بوو لە کۆی (60 هەزار و 252) کەس.

**چارتی ژمارە (6)**

**ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان**

**لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 20-10-2024**




## چواردەیەم؛ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

1. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025/11/11 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 883 هەزارو 501) کەس لە هەرێمی کوردستان تەمەنیان گەیشتبوو بە سەروو (18) ساڵ، بەڵام؛ (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو کارتی نوێی بایۆمەتریان وەرگرتبوویەوە.
3. (2 ملیۆن و 168 هەزارو 116) کەس دەنگیاندا بەڕێژەی (68.9%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە سێ بازنەیی بەڕێوە چوو.
5. حزبی سۆشیالست دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی سێ (بازنە) پارێزگاکەی هەرێم (5 هەزارو 876) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (0.2%)، بەجۆرێک؛

- دەنگی حسک لە پارێزگای سلێمانی؛ (4 هەزارو 819) دەنگ بوو بەرێژەی (0.4%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 227 هەزار و 460) کەس بووە.
- دەنگی حسک لە پارێزگای هەولێر؛ (762) دەنگ بوو بەرێژەی (0.1%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (ملیۆنێک و 115 هەزار و 122) کەس بووە.
- دەنگی حسک لە پارێزگای دهۆک؛ (295) دەنگ بوو بەرێژەی (0.04%)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە ژمارەیان (805 هەزار و 269) کەس بووە.

**چارتی ژمارە (7)**

**ژمارەو ڕێژەی دەنگی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

11/11/2025



## تەوەری حەوتەم

## دەنگ و پێگەی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا

نەوەی نوێ بەشداری (2) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و (3) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کردووە، یەکێکە لەو هێزانەی لە هەرێمی کوردستان ژمارەی دەنگەکانی هەڵکشابێت بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشتر، لە هەڵبژاردنی ساڵی 2018ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم (152 هەزار و 965) دەنگی بەدەستهێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی 2021/10/10 لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم (204 هەزار و 855) دەنگی بەدەستهێناوە، واتە ژمارەی دەنگەکانی لەم هەڵبژاردنە (52 هەزار و 210) دەنگ بە ڕێژەی (34%) زیادی کردووە. لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا لە (2024/10/20) ژمارەی دەنگەکانی هەڵکشا بۆ (292 هەزار و 32)دەنگ و (10%)ی کۆی ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لە چوار بازنە (پارێزگا)کەی هەرێمی بەدەستهێناوە.

بەڵام لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لە 2025/11/11 بەڕێوەچوو، نەوەی نوێ بە ڕێژەیەکی بەرچاو ژمارەی دەنگەکانی دابەزی، بەجۆرێک؛ لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، نەوەی نوێ (123 هەزارو 376) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (3.9%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

بەم پێیەش ژمارەی دەنگەکانی ئەم هێزە، بەراورد یەکەم ئەزمونی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن (29 هەزار و 589) و بە ڕێژەی (24%)ی دەنگەکانی کەمی کرد.

## پوختە

جوڵانەوەی نەوەی نوێ پارتێکی سیاسییە کە لە ساڵی (2017)دا لەلایەن "شاسوار عەبدولواحید"ەوە دامەزراوە، لە (29ی کانوونی دووەمی 2018)، جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا هاوپەیمانێتی لەگەڵ تەڤگەری ئازادی و بەرەی دیموکراسی بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان ڕاگەیاند. لە هەڵبژاردنی (2018)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نەوەی نوێ توانی (4) کورسی بەدەست بهێنێت. هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان توانی (8) کورسی بەدەست بهێنێت. لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی (2021)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەهەر (15) بازنەکەی هەرێم و کەرکووک (15) کاندیدی دیاری کرد لەو ژمارەیە (9) کانیدیان توانیان دەنگی پێویست بەدەست بهێنن و کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکەن.

لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانیشدا لە (2024/10/20) ژمارەی دەنگەکانی هەڵکشا بۆ (292 هەزار و 32)دەنگ و (10%)ی کۆی ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لە چوار بازنە (پارێزگا)کەی هەرێمی بەدەستهێناو (15) کورسی پەرلەمانی کوردستانی مسۆگەر کرد.

بەڵام لە دواهەڵبژاردندا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لە 2025/11/11 بەڕێوەچوو، نەوەی نوێ بە ڕێژەیەکی بەرچاو ژمارەی دەنگەکانی دابەزی، بەجۆرێک؛ لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (3 ملیۆن و 147 هەزارو 851) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، نەوەی نوێ (123 هەزارو 376) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (3.9%)ی کۆی گشتی دەنگدەران لە سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

واتە نەوەی نوێ بەشداری (2) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و (3) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کردووەو تاکە هێزبوو لە هەرێمی کوردستان بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارەی دەنگەکانی هەڵکشابێت بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشتر.

چونکە لە هەڵبژاردنی ساڵی 2018ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم (152 هەزار و 645) دەنگی بەدەستهێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی 2021/10/10 لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم (204 هەزار و 855) دەنگی بەدەستهێناوە، لە دوا هەڵبژاردنیشدا بۆ پەرلەمانی کوردستان (292 هەزار و 32) دەنگی بەدەستهێنا،

بەڵام ئەم هێزە لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە (2025/11/11) توشی شکست بوو، بەراورد یەکەم ئەزمونی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن و (29 هەزار و 589) و بە ڕێژەی (24%)ی دەنگەکانی کەمی کرد، بەشی زۆری هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو کاتەدا سەرۆکی جوڵانەوەکە بە سزای یاسایی لە بەندکرابوو.

بۆ بەرچاوڕونی بڕوانەو خشتەو چارتی ژمارە (1).

**خشتەی ژمارە (1)**

پێگەی جەلانەوەی نەوەی نوێ لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا

| ز | خولەکانی هەڵبژاردن | بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ژمارەی دەنگەکانی نەوەی نوێ | ژمارەی گشتی دەنگدەران | ڕێژەی دەنگەکانی نەوەی نوێ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 12/05/2018 | 152,645 | 3,758,896 | 4% |
| 2 | خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | 30/09/2018 | 127,115 | 3,085,461 | 4% |
| 3 | خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 10/10/2021 | 204,855 | 3,450,773 | 6% |
| 4 | خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان | 20/10/2024 | 292,032 | 2,899,578 | 10% |
| 5 | خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 11/11/2025 | 123,376 | 3,147,851 | 4% |



چارتی ژمارە (1)
ژمارەو ڕێژەی دەنگی جوڵانەوەی نەوەی نوێ
لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا
4,000,000
3,500,000
3,000,000
2,500,000
2,000,000
1,500,000
1,000,000
500,000
0
3,758,896
152,645
4%
3,085,461
127,115
4%
3,450,773
204,855
6%
2,899,578
292,032
10%
3,147,851
123,376
4%
خ 4 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
خ 5 پەرلەمانی کوردستان
خ 5 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
خ 6 پەرلەمانی کوردستان
خ 6 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## یەکەم؛ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2018/5/12

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە لە 2018/5/12 بەڕێوەچوو، لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (1 ملیۆن و 799 هەزار و 686) کەس دەنگیانداوە.

نەوەی نوێ لەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکە بەڕێژەی (4%) و (152 هەزار و 645) دەنگی بەدەستهێناوە بەجۆرێک؛

- لە پارێزگای هەولێر (642 هەزار و 232) هاوڵاتی دەنگیداوە. نەوەی نوێ لەم پارێزگایە بەڕێژەی (11%) و (70 هەزار و 833) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای سلێمانی (664 هەزار و 146) هاوڵاتی دەنگیداوە. نەوەی نوێ لەم پارێزگایە بەڕێژەی (10%) و (63 هەزار و 760) دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە پارێزگای دهۆکیش کە (489 هەزار و 308) هاوڵاتی دەنگیداوە. نەوەی نوێ لەم پارێزگایە بەڕێژەی (4%) و (18 هەزار و 52) دەنگی بەدەستهێناوە.

**چارتی ژمارە (2)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی جوڵانەوەی نەوەی نوێ

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 12-5-2018



## دووەم؛ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

1. هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو.
2. (3 ملیۆن و 85 هەزارو 461) کەس مافی دەنگدانی هەبووە.
3. (ملیۆنێک و 845 هەزارو 979 ) کەس دەنگیاندا بەرێژەی (60%).
4. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەیەک بازنە بەرێوە چوو.
